P S D Kurdistan

**The Social Democratic Party of Kurdistan**

**Parti socialdemokrati Kurdistan** (rojhelat)

## ئەم وتارە ناوەڕۆكی وتاری ١ ئایارە كە بە زمانی سوێدی و ئینگلیزی پێشكەش كراوە و بڵاو كراوەتەوە، بە پێویستمان زانی بكرێت بە كوردیش.



### جەماوەری دیموكراسیخواز و ئاشتیخوازی یەكی ئایار!

باسی گەلی كورد و كوردستان ئەوڕۆ لە جاران هاسانترە. ماوەیەكی لە مێژ نییە جیهان لە ڕێگای دەوڵەتانی داگیركارەوە لەسەر ئێمەیان دەزانی.

بەڵێ، دەوڵەتانی داگیركار دەبوون بە وتەبێژمان و نوێنەرایەتیان دەكردین، دروست هەر بەو شێوەیەی پیاوی پاتریاركال لەگەڵ ژنەكەیدا بەرخورد دەكات. لەگەڵ هەموو ئەو خەباتە سەختەدا كە ئێمەی كوردستانیان كردوومانە هێشتا دەوڵەتانی داگیركار بێشەرمانە هەوڵ دەدەن وتەبێژ و نوێنەری هەمیشەییمان بن.

سەرەڕای ئەوەی هەنگاوی باشمان پریوە، هێشتا ڕێگای خەباتمان دووردرێژە. گەلی كورد لە ئێران دڕندانە دەچەوسێندرێتەوە. گەلی كورد لە ئێران هیچ مافێكی نەتەوەیی و دیموكراسیی نییە. ئێران بە هۆی سوپایەكەوە كە لە كوردستاندا نە كەمترە لە ٢٠٠٠٠٠ هەزار سەرباز، بە تانك و تۆپ و پاراميليتار و هێزی پاسداران داگیركاریی خۆی لەسەر گەلی كورد دەسەپێنێت. تەنانەت زمانی كوردیش لە عەمەلدا قەدەخەیە.

كۆماری ئیسلامی ئێران بەرخوردی دڕندانە لەگەڵ گەلی كوردستان دەكات و دژ بە بچووكرتین جۆری بەرگریی كاردانەوەی لە عەیاربەدەری هەیە. دەوڵەتی ئێران چەندین هەزار كوردی كوشتووە، گوندی وێران و خاپوور كردوە و كورد بە ئارەزووی خۆی لە زیندان دەهاوێت. مامۆستا، كاسبكار، كرێكار، جووتیار، خوێندكار و تەنانەت منداڵیش هەر ئەوەندەی دەنگی ناڕەزایەتی بڵند بكات لە زیندان دەهاوێت، بەڵێ، تەنانەت ڕۆژنامەوانی بە ڕەسمی ناسراو و خاوەن بەڵگەنامەش.

ئەم خەڵکانە بێ دادگاکردنێکی عادڵانە، یان بێ ئەوەی کە پارێزەر بە ڕاستی نوێنەرایەتیان بکات، حوکمی مەرگیان بە سەردا دەسەپێنێت.

ئایا لە دۆخێکی ئاوهای سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریيدا کرێکارانی کوردستان لە چ دۆخێکدان؟ ئەمە پرسیارێکە دەبێت بکردرێت.

لە کوردستان کەمی هەبوونی پیشەسازییە و بێکاریی لە ئاستێکی بڵندایە. کرێکارانی کوردستان ناچارن و ناچار دەکرێن زێدی خۆیان ژن و منداڵیان بە دوای کاردا بەجێبهێڵن و هەزار کیلۆمەتر و رەنگە زیاتریش دوور بکەونەوە بۆ ئەوەی کارێکیان چنگ بکەوێت. ئەویشی دەستیان دەکەوێت کارێکی کەم مووچەیە کە پاش خەرجیی خۆیان، دیارە ئەویش بە نانەزگیی و دەستتەنگیی، هیچی وای لێ نامێنێتەوە و بە زەحمەت بژێوی خێزان بۆ خۆراکی پێویست و جلوبەرگ و کەلوپەل پڕ دەکاتەوە.

ئەرێ، هیچ زێدەڕۆییەك نییە بڵێین کە کرێکارانی کوردستان لە ئێران لە ناو دۆخی کۆیلە ئاساییدا دەژین.

ئەوە وەك زێدەڕۆییەك دەگاتە گوێی ئەوانەی لە سیستەمێکی دیموکراسی و باشبژییدا دەژین کە تیایدا مرۆڤ دەتوانێت بە هەبوونی کار و مافگەلی ئابووریی شاد بێت. بەڵام ئەوە واقیعێکە بۆ کرێکاری کورد.

لەبەرئەوەیە پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان داوای هاوپشتیی لە جیهان دەکات بۆ پشتگیریی لە کرێکاران و جووتیارانی کورد، بەڵام پێش هەر شتێك پشتگیریی لە گەلی کورد کە بە مافگەلی نەتەوەیی و دیموکراتیی خۆی شاد بێت، چونکە نەشیاوە قسە لەسەر مافی کرێکاران و جووتیاران و خوێندکارانی کوردستان بکەین تا ئەو کاتەی گەلیان لە ناو خاکی خۆیدا زیندانیی بێت.

لەبەرئەوە داوا لە ئێوە و لە هەموو مرۆڤێکی جیهان دەکەین، ئەوانەی پێیان وایە مرۆڤ دەبیت ئازاد بێت و مافی هەڵبژاردنی ئازاد و مافی بڕیاردانی لە سەر چارەنووسی خۆی هەبێت، کە:

پشتگیریی لە خەباتی گەلی کوردستان بۆ ئاشتی و ئازادیی و سەربەخۆیی بکەن،

پشتگیریی لە خەباتی کرێکاران، جووتیاران و خوێندکارانی کورد بۆ ژیانێکی باشتر و مافگەلی باشتری کار بکەن.

بژی یەکی ئایار و هاوپشتێتی نێونەتەوەیی!

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)

٢٠٠٩/٥/١